# ئێمە رچەی وەستانەوە دژی ناسیۆنالیزممان شکاند، رچەی پەردەهەڵماڵین لەسەر کۆنەپەرستی دینیمان شکاند، تەلیسمی وەستانەوە بەرامبەر ناموسپەرستیمان شکاند.. تەشکیلاتی خارجیش باسکێکی بەهێزی ئەو خەباتەی حیزب بوو

## وتاری کردنەوەی کۆنفرانسی یەکەمی رێکخراوی دەرەوەی وڵات لەلایەن رێبوار ئەحمەدەوە

هاورێیانی حیزبی.. میوانە بەرێزەکان!

زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئەم کۆنفرانسە. هەروەها بەرپابوونی کۆنفرانسی یەکەم لە هەموو هاورێیان پیرۆزبایی دەکەم، بە ئومیدی ئەوەی هەنگاویکی گەورە بیت لە ریگای پەرەپیدانو بەهیزکردنو مەحکەم کردنی تەشکیلاتی دەرەوەی وولاتی حیزب، هەروەها گشت هەلسورانی حیزب لە دەرەوە وەکو یەکیك لە مەیدانە گەرمو ئەصلیەکانی خەباتی حیزبو بزووتنەوەی ئیمەو مەیدانیکی گرنگی وەستانەوە دژی ئەو هەلومەرجە سەختەو ئەو جەنگەی کە بەسەر کۆمەلگای عیراقدا سەپینراوە.

هاورێیان! یەکەمین کۆنفرانسی تەشکیلاتی دەرەوە دوای نزیك بە 13 سال بەسەر دامەزرانی حیزبو دوای نزیك بە 13 سال لە خەباتو تیکۆشانی لیبراوانەی ئەم تەشکیلاتە، لە هەلومەرجیکی زۆر حەساسی دنیا بە گشتیو کۆمەلگای عیراق بە تایبەتیدا دەبەستریت.

هەلسەنگاندنی ئەم 13 سالە لە خەباتی لیبراوانەی حیزبو تەشکیلاتی خارج، هەروەها ناسینەوەی خالە لاوازو بەهیزەکانمانو دارشتنی نەخشەو بەرنامەی کاری داهاتوومان لە پیناو هەنگاو هەلگرتنی خیراترو گەورەتر بەرەو پیشەوە، هاوشان لەگەل لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی هەلومەرجی ئیستاو بردنەسەری ئامادەییەکانمان بۆ بەرەنگاربونەوەی جەنگو تیرۆریزمو بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان، بۆ دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لە گیژاوی سیناریۆی رەشو رزگارکردنی لە رکیفی هیزەکانی ئەم سیناریۆیە، گرنگترین ئەرکەکانی ئەم کۆنفرانسە پیکدەهینن. لە هەمان کاتدا ئەمانە گرنگترین ئەو فاکتۆرانەن کە گرنگیو بایەخی لە رادەبەدەرو جیگاو ریگای ئەم کۆنفرانسە لە خەباتو حەیاتی حیزبی ئیمە وە لە پیوەند بە کۆمەلگای عیراقەوە دیاری دەکەن.

13 سال لە خەباتی هەمەلایەنەو کاریگەری تەشکیلاتی خارج لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا لە گەلیك رووەوە گرنگی گەورەی بووە. دەکریت چەند نمونە لەم بارەیەوە باس بکەین. لە رۆژگاری سەرەتای پیکهاتنی حیزبدا لایەنیکی پرشنگدار لە داستانی خەباتی حیزبی ئیمە عیبارەت بوو لە بەرگری لە کۆمۆنیزمو تیپەراندنی دەورەی بەرزەخی دوای شکستی بلۆکی شەرق، بریتی بوو لە بەرز راگرتنی ئالای کۆمۆنیزم لە دەورانی هەراوهۆریای بورژوازی بۆ مەرگی کۆمۆنیزمو مارکسیزم.

لە دەورانیکدا کە بورژوازی جیهانی دەهۆلی بۆ کۆتایی کۆمۆنیزمو سۆسیالیزم دەکوتاو هیزو بزووتنەوەو دەولەتو ئەحزابو ئەفرادی بە ناو کۆمۆنیست بە لیشاو پەشیمانیی خۆیان لە کۆمۆنیزم دەردەبریو پەیوەست دەبوون بە بەرەو مەدی دژی کۆمۆنیستی جیهانیەوە، حیزبی ئیمە وەکو گوردانیکی کومۆنیزمی کریکاری بە رابەری منصور حکمت ئالای کۆمۆنیزمی بەرز راگرت، پەیگیرانە بەرگری لە حەقانیەتی کۆمۆنیزمی مارکس کردو بووە یەکیك لە کۆلەکەکانی تیپەراندنی ئەو دەورانە سەختەو هینانەوە مەیدانی سەر لە نویی کۆمۆنیزم وەکو تاقە بەدیلی رزگاری بەخشی کۆمەلگای ئینسانی لە جەورو ستەمو زولمی سەرمایە. تەشکیلاتی خارجی حیزبیش روکنیکی سەرەکی ئەو خەباتە بوو لەم مەیدانەدا. ئەمرۆ تەنها کاتیك دەکری نرخو بەهای گەورەی خەباتی ئەو دەورانە ببینین کە جاروجەنجالی ئەوکاتەی بورژوازی لە دژی کۆمۆنیزم بهینینەوە بەرچاوی خۆمانو لەگەل دەورانی ئیستادا بەراوردی بکەینەوە کە هاوکیشەکان هەلگەراونەتەوەو تیئوریەکانی مارکس پیشوازیان لی دەکریتو لە راپرسیەکانی سالانەدا مارکس وەکو گەورەترین بیرمەندی سەدەی بیستەم بەرزترین دەنگ دەهینیت.

لە 13 سالی رابردوودا تەشکیلاتی خارج، دەرەوەی وولاتی کرد بە مەیدانیکی گەرمی خەبات لە دژی رژیمی فاشیستی بەعسو سیاسەتە درندانەکانی بۆ کوشتارو سەرکوتی خەلك، دژی لە ژیرپینانی سەرەتایی ترین مافە سیاسیو مەدەنیو فەردیو ئابوریەکانی خەلکی عیراق. دەرەوەی وولاتی کرد بە مەیدانیکی گەرمی خەباتیك کە بۆ ژیرەوژورکردنی ئەم رژیمە فاشیستە بەریخرابوو. ریکخراوی دەروە رژیمی درندەی

بەعسو سیاسەتە قەرەقوشیەکانی دژی جەماوەری خەلكو کریکارانو ملپەراندنی ژنانو سەرکوتی لاوانی خستە ژیر باری زەختی توندەوەو دەنگی نارەزایەتی خەلكی عیراقی بە گوێی خەلكی دنیا گەیاند.

لەم 13 سالەدا تەشکیلاتی خارج داستانیکی خەباتکارانەی دژی سیاسەتە جەنگیو دژی ئینسانیەکانی ئەمریکاو غەرب لە دژی خەلكی عیراق، تۆمارکردوە. حیزبی ئیمە هەرچۆن لە ناوەوەی وولات، بە هەمان شیوە لە دەرەوەی وولاتیش تاقە دەنگی بەرزو راسا بوو کە دژی حصاری ئابوریو کۆمەلکوژکردنی خەلكی عیراق راوەستاو خەباتی کرد، دژی پەلاماری سەربازیو بۆردومانی شارەکانو کوشتاری خەلك پەیگیرانە راوەستاو خەباتی کرد، دژی جەنگو تیکروخاندنی شیرازەی کۆمەلگای عیراقو نقوم کردنی لە زەلکاوی سیناریۆی رەشدا تیکۆشا.

ریکخراوی دەرەوە بۆ بەرگری لە مافەکانی خەلكی کوردستان، دەرەوەی وولاتی کرد بە مەیدانیکی وەستانەوە دژی هیرشەکانی رژیمی فاشیستی بەعس. لە پیناو دەرهینانی ئەم کۆمەلگایە لەسەرگەردانی خەباتی کردو تیکۆشا، بۆ بەرگری لە مافو داخوازیەکانی جەماوەری خەلك، کریکاران، ژنان، لاوان..دەرەوەی وولاتی کرد بە مەیدانیك بۆ وەستانەوە دژی هیرشو سیاسەتو کارکردی دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو بەدیلو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانیان بۆ یاری کردن بە چارەنوسی خەلكو ساتو سەودا بە مەسەلەی کوردەوە. ریکخراوی دەروە بۆ بەرگری لە خواستی ریفراندۆمو جیابونەوەی کوردستان هەولیداوەو پشتیوانی جیهانی بۆ ئەم خواستە پیکهیناوە.

ئەم ریکخراوە مەیدانی دەرەوەی وولاتی کرد بە مەیدانیکی بەرەنگاری لەگەل کۆنەپەرستیو تیرۆریزمی ئیسلامی، تەشکیلاتی خارج بە حەق یەکیك بوو لە کۆلەکەکانی بەرگری لە مافەکانی خەلكی ستەمدیدەو کریکارانو ژنانو لاوانو مندالانی کوردستان بەرامبەر بە پەلاماری بەردەوامی هیزە ناسیونالیستو ئیسلامیەکان، دەروەی وولاتی کرد بە مەیدانیکی گەرمی خەبات بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی.

تەشکیلاتی خارج پشتیوانی هەمەجۆرەی خەلكی ئازادیخوازو هیزو بزووتنەوە ئازادیخوازو ئینسان دۆستەکانی بۆ بەرگری لە خەلكی عیراقو کوردستان، بۆ بەرگری لە مافی کریکارانو ژنانو لاوانو خویندکاران راکیشاوە.

لە هەمانکاتدا لە نیو بزووتنەوە پیشکەوتوانەکانی جیهاندا چالاکانە بەشداری کرد، بە تایبەتی لە بزووتنەوەی دژی جەنگو دژ بە کیشمەکیشی تیرۆریستی، هەروەها بەرامبەر سیاسەتی فاشیانەی دەولەتی رەگەزپەرستی ئیسرائیل بۆ سەرکوتی خەلكی فەلەستین وەستایەوە، دژی هیرشەکانی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر خەلكی ستەمدیدەی ئیران وەستایەوە، دژی کوشتاری خەلكی بێگوناهی ئەفغانستان راوەستاو چەندین نمونەی تری لەم بابەتە.

هاورییان!

ئەوانەی باسم کردن تەنها چەند گۆشەو چەند نمونەن بۆ نیشاندانی دەورو داستانی خەباتی 13 سالەی تەشکیلاتی خارجی حیزبی ئیمە، من ناتوانم هەمموو تاریخی خەباتکارانەی ئەم تەشکیلاتە لەو 13 سالەدا گوزارشت بکەمو هیوادارم راپۆرتی کۆمیتەی تەشکیلاتی خارج لەوحەیەکی هەمەلایەنەو گشتگیر لەو تاریخە درەخشانەی بەدەستەوە دابیت. بەلام هەر ئەوەندی کە من وەکو نمونە ئیشارەم پیکرد، تەنانەت لە پال هەمموو کەمو کوریەکانو لە پال رازی نەبونی خۆمان لە کارەکانمانو لە پال چاوەروانی بەرزترو بەرزەفری بزووتنەوەی ئیمەوە، هەر ئەو چەند گۆشەیەی کە ئیشارەم پیکرد کافیە بۆ ئەوەی تەشکیلاتی خارجی ئیمەو تاکە تاکەی رابەرانو کادرانو ئەندامانی ئەم تەشکیلاتە سەری خۆیان بەرز راگرنو شانازی بە خۆیانو خەباتی شۆرشگیرانەی خۆیانەوە بکەن.

سەرجەم ئەو کارانە خالی گەلیك درەخشانو درەوشاوەو پراوپر ئینسانیو شۆرشگیرانەن کە تەشکیلاتی خارجی ئیمە ئەنجامی داون، ئەوانە رابردوو بنەمایەکی بەهیزن کە ئیلهام بە داهاتوی ئیمە بۆ کاری عەزیمتر دەبەخشن. ئەگەر هەمموو ئەو کارانە لە پال یەکەوە دابنریت ئەوکات دەبینین چ قەلایەکی گەورە لە تواناو زەحمەتو فیداکاری بە خەرج دراوە. ئەم خەباتەش جگە لە گەرم راگرتنی کاروانی خەباتی کۆمۆنیستیو بەهیزکردنی سەنگەری کۆمۆنیزم لە پیناو دنیایەکی باشتردا، تاوەکو ئیستا دەوری گیراوە لە پاراستنی گیانو مافو نانو ئازادی خەلکانیکی زۆر، ئیمە خەلکمان لە کونی زیندان ئازاد کردوە، کەم نین ئەو ژنانەی کە بە خەباتی ئیمە لە دەمی تیغی ناموسپەرستی رزگاریان بوو، کەم نین ئەو خەلکانەی کە بە هۆی خەباتو پشتیوانی ئیمەوە نانی رۆژانەو مافی خۆیان پاراستوە. ئیمە رچەی وەستانەوە دژی ناسیونالیزممان شکاند، رچەی پەردەهەلمالین لەسەر کۆنەپەرستی دینمان شکاند، تەلیسمی وەستانەوە بەرامبەر ناموسپەرستیمان شکاند... تەشکیلاتی خارجیش باسکیکی بەهیزی ئەو خەباتەی حیزب بوو. بە راستی دەوریك کە تەشکیلاتی ئیمە لەم 13 سالەدا گیراویتی لە دەرەوەی وولات

وەکو مەیدانیکی گەرمی خەباتیك کە حیزب لە پیناو ئازادیو یەکسانیو سۆسیالیزمو ئینسانیەتدا بەرێیخستووە، تا ئیستا لە میژوودا کەم وینەیە.

تەشکیلاتی خارجی ئیمە لە هەمانکاتدا قەلاو سەنگەریکی قایم بووە بۆ بەرگری لە حیزبو بۆ دابینکردنی پیداویستیە مادیەکانی هەلسورانی حیزبو ئامرازەکانی گەیاندنی دەنگی حیزب بە جەماوەری خەلك. بەراستی ئەگەر هەولو هیمەتی عەزیمو ماندو نەناسانەی تەشکیلاتی خارج نەبوایە، حیزبی ئیمە لەو مەیدانانەدا دوچاری کۆسپو ریگری گەورەو جدی دەبووەوە. بەم بۆنەیەوە لەم فرسەتەدا ریزو تەقدیری بێ پایان دەنیرم بۆ ئیوەو بۆ ئەو هەموو ئینسانە کۆمۆنیستو شۆرشگیرەی کە بە دەوری خۆیان لەم داستانە خەباتکارانەو ئینسانیەدا بەشدارییان کردوە، تەقدیرم بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانە هەیە کە لەم خەباتەدا بەشدارییان کردووەو دەوریان گیراوەو بە هەر هۆیەکەوە بیت ئیستا لە ریزەکانی حیزبدا نەماون بەلام دۆستی ئیمەنو شانازی بەو تاریخەی خۆیانەوە دەکەن. هەر لیرەشەوە بانگەوازی هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە دووبارە بینەوەو میژوی پر ئیفتخاری خۆیان دریژە پیبدەنو نەیەلن پچرانی تیبکەویت. هەلومەرجی ئیستای عیراق لە هەموو کاتیك زیاتر پیویستی بە دەخالەتی کارسازی کۆمۆنیزمو چەپ هەیە، ئەم دەخالەتەش تەنها بە ریزی ریکخراوو یەکگرتوو مەیسەر دەبیت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری وەسیلەی کاراو بەهیزی ئەم ریکخراوبوونو یەکگرتوو بوونو دەخالەتە کارسازەی چەپو کۆمۆنیزمە. وەرن پیوەی پەیوەست بنو بەهیزی بکەن.

بەلام هاوڕێیان! سەرباری هەموو ئەو رابردوە پر ئیفتخارە، ئەم کۆنفرانسە دەبێ چاوەروانیەکی گەورەتر بخاتە بەردەم خۆیو تەشکیلاتی خارجو هەلسورانی حیزبی ئیمە لە دەرەوەی وولات. چونکە جیاواز لەوەی ئیمە خالە لاوازەکانی رابردومان و کەمو کوریەکانی خۆشمان دەبینین لە پال خالە بەهیزەکانمانەوەو دەبێ شۆرشگیرانەو بێ رەحمانە ئەوانە بدەینە بەر رەخنەی مارکسیستیو رەفعیان بکەین، بەدەر لەوەش هیشتا هەموو ئەو میژووە پر ئیفتخارە بە هیچ شیوەیەك لە ئاستی چاوەروانیەکانی بزووتنەوەی ئیمەو پیداویستیەکانی خەباتی ئیمەدا نیە لە پیناو رزگارکردنی کۆمەلگای عیراق لە مەرگەساتی ئیستاو بنیاتنانی دنیایەکی باشتر، بەلام بەدەر لە هەموو ئەمانە هەلومەرجی ئیستای جیهانو جیگاوریگای کۆمۆنیزم، هەروەها بە شیوەیەکی تایبەتی تر هەلومەرجی ئیستای عیراقو جیگاوریگای حیزبی ئیمە لە ساحەی سیاسی عیراقدا، کاریکی عەزیمترو نەوعیەتیکی عەزیمتر لە کارو ئەبعادیکی گەورەتر لە کارو هەلسوران دەخوازیت لە دەرەوەی وولات.

جیهان خراوەتە نیو بەرداشتی جەنگیکی تیرۆریستی خەتەرناکەوە، ئەم جەنگە تیرۆریستیە تەواوی بەشەریەتی گۆی زەوی خستوەتە بەردەم خەتەریکی گەورەوە، هیزو دەولەتە بۆرژوازیەکان بەوپەری درندەییەوە دریژە بەم شەرە دەدەنو رۆژانە لەمپەر تا ئەوپەری دنیا لە ئاکامی ئەم شەرەدا بە لیشاو ژیانی مندالو لاوو پیری بێ گوناح هەلدەلوشن. لەمەش زیاتر کۆمەلگای عیراق کراوەتە جەبهەی ئەصلی ئەم جەنگە تیرۆریستیەو گوماوی خوینی ئەم جەنگە. رۆژانە مالو مەدرەسەو نەخۆشخانەو شەقامو کۆلان لەلایەن هەردوو لایەنی ئەم جەنگەوە دەدریتە بەر بۆمبو باروتو خەلکی بێ گوناحو بێ دەخالەتو تەنانەت بێ ئاگا لە هۆو مەرامە چەپەلەکانی ئەم جەنگە درندانەیە دەکرین بە خۆراکی جەنگو لاشەکانیان لە ژیر ویرانەدا بەجێ دەمینێ.

بە پیچەوانەی ویستو ئیرادەی خۆمانەوە جەنگیك بەسەر کۆمەلگای عیراقدا داسەپینراوە. جەنگیك بەسەر ئیمەو خەلکی عیراقدا داسەپینراوە، ئیمەش بە ناچاری بووین بە تەرەفیك لە بەرامبەر ئەم جەنگە کۆنەپەرستانەیەدا لە پیناو رزگار کردنی کۆمەلگادا. دەرەوەی وولاتیش یەکیکە لە مەیدانە راستەوخۆو سەرەکیەکانی ئەم جەنگەو بە تایبەت لە ئیستادا بە بەراورد لەگەل هەموو دەورانەکانی تر بایەخیکی چەند بەرابەر زیاتری هەیە. جەنگی تیرۆریستەکانو هەلومەرجیك کە لە عیراقدا بەرپا کراوە بواری بێ لایەنیو دەستەوەستانی بۆ هیچ هیزو بزووتنەوەیەکی ئەصلیو جدی لە دنیادا نەهیشتوەتەوە. جەنگین لە دژی ئەم جەنگە ئەبعادو مەودایەکی جیهانی هەیە. تەنانەت هەر یەك لەلایەنەکانو بەشدارانی ئەم جەنگە تیرۆریستیەش بایەخیکی زۆر گەورە بەم مەیدانە دەدەن. ئەوەش کاری ئیمەیە کە ئاسۆ بەرووی هیزی بەشەریەتی متمدنو بزوتنەوە ئازادیخوازو پیشکەوتوانەکانی دنیا بکەینەوە بۆ دەخالەت لەو جەنگو کیشمەکیشەی لە عیراقدا سەپینراوە.

جیاواز لەم جەنگەو لەم هەلومەرجە جیهانیە، ئیستا سەرجەم هیزەکانی سیناریۆی رەش لە عیراقدا، خەریکی چنینو دارشتنی ئەنواع بەدیلو ئایندەی کۆنەپەرستانەن بۆ ئەم کۆمەلگایە، نەخشە بۆ دریژەپیدانی جەنگو داگیرکاری دادەریژن، شەری قەومیو تائیفی بەرپاکراوەو رۆژانە رووی لە قوولبوونەوەیە، نا ئەمنی بەوپەری رادەی خۆی گەیشتوە، کابوسی سەپاندنی دەسەلاتیکی قەومی-ئیسلامی کۆنەپەرستانە بە

دەستوریکی فاشیانەوە هەرەشە لە سەرەتایی ترین مافو ئازادیەکانی خەلکی ئەم کۆمەلگایە دەکات. دابرینی ناسنامەی ساختەی قەومیو ئیسلامی بەسەر هاولاتیاندا نوسخەیەکە کە خەتەری دوپاتبونەوەی کارەساتەکانی رواندا و بۆسنەوهەرسکی کردوە بە سیبەریك بەسەر کۆمەلگای عیراقەوە، هەژاریو برسیتیو بیکاری کەمەرشکین هەر بەرەوتوندبونەوە دەبریت، ئاسەواریك لە ژیانی مەدەنیو ئازادیو سکولاریزم بە پیوە نەماوە.

وەکو منصور حکمت وتی کۆتاییهینان بە تیرۆریزم کاری ئیمەیە، من ئەوەشی پی زیاد دەکەم کە کۆتاییهینان بەم سیناریۆ رەشەش دووبارە هەر ئەرکی ئیمەو بەشەریەتی موتەمەدنە. ئەمە تەنها ئیدعاو پروپاگەندەیەك نیە، ئەمانە ئەرکی ئیمەن چونکە هیچ هیزو بزووتنەوەیەکی تر وەکو ئیمە لە بیری ئەمەدا نیەو وەکو ئیمە نەخشەی بۆ ئەمە نیەو وەکو ئیمە بەکردەوە سەرقالی ئەمە نیە.

بەلام ئیمەش بۆ ئەوەی توانامان بەسەر ئەم کارەدا بشکیتەوە دەبیت زۆر لە ئیستا بەهیزترو گەورەتر بین، دەبێ لە ناوەوەو لە دەرەوەی وولاتیش حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەو مەحکەمو پرهیزو قودرەتمەند بەرپابکەین. دەبێ ببینە میحوەری سازدانو یەکگرتووکردنو ئاراستەکردنی هیزی بەشەریەتی موتەمەدنی دنیا بۆ کۆتاییهینان بەشەری تیرۆریستەکان، دەبێ بۆ کۆتایهینان بە سیناریۆی رەشی عیراق ئەم هیزە بهینینە مەیدان. بۆ ئەم کارە دەبێ تواناو ئامادەییو مەحکەمیو نفوزو دەورو کاریگەری تەشکیلاتی دەرەوەی ولاتمان هەروەکو ناوەوەی وولات چەند بەرابەر بیتەوە.

دەبی هەم جەبهەی دەرەوەی وولات هەم جەبهەی ناوەوە گەرمتر بکەین. دەبی تەشکیلاتی دەرەوەی وولات توانای ئیبتکارو هیزنواندنو هەلخراندنی چەند بەرابەر بچیتە سەرەوە. دەرەوەی ولات مەیدانیکی ئەصلیو گرنگی تیکۆشانی حیزبە لە پیناو رزگاری کۆمەلگای عیراقو بە دەسەلات گەیشتنی حیزبو پیادەکردنی بەرنامەی سۆسیالیستیو لە ئایندەشدا دووبارە مەیدانیکی گرنگی پاریزگاریە لە کۆمەلگای سۆسیالیستی.

بەلام هیچ کاتیش بە ئەندازەی ئەمرۆ مەیدانی دەرەوەی وولات بۆ کۆمەلگای عیراق حەساسیەتو بایەخی نەبوە. ئیستاش لە هەموو کات زیاتر گەرم کردنو بەدەستەوەگرتنو بەهیزکردنی ئەم مەیدانە بۆ ئیمە و بۆ بەرەی ئازادیو سکولاریزمی عیراق زەمینەو دەرفەتی بۆ رەخساوە. بەرەی بەشەریەتی موتەمەدنی دنیا بەوپەری حەساسیەتەوە دەروانیتە رووداوەکانی کۆمەلگای عیراقو دەیەوێ بۆ رزگارکردنی ئەم کۆمەلگایە لە سیناریۆی رەش دەخالەت بکات، ئیمەین کە دەتوانین ئاسۆ بەم دەخالەتەی ئەم بەرەیە ببەخشینو دەرگای دەخالەت بۆ ئەم بەرەیە بکەینەوە.

کۆنفرانسی یەکەمی تەشکیلاتی خارج پیویستە لیرەوە بروانیتە جیگاوریگای خۆیو دەورەی داهاتوی هەلسورانی ریکخراوی دەروەی حیزب. پیویستی بەوەیە کە لەسەر بریارو نەخشەی شکلدان بە تەشکیلاتیکی بەهیزو پرنفوزو هەلسوراو، لەسەر شکلدان بە بیناکردنی حیزبیکی سیاسی قودرەتمەند لە دەرەوەی وولات ببریتەوە کە بتوانێ ئەم مەیدانە گەرمەی جەنگ لە دژی جەنگی تیرۆریستەکانو هیزەکانی سیناریوی رەش بە باشترین شیوە بە دەستەوە بگریت. ئەمە پەیامیکە کە دەبی ئەم کۆنفرانسە بە کۆمەلگای بدات.

ئەمەش لە گرەوی دوو شتدایە یەکەم تەشخیصی دروست بۆ وەزعیەتەکەو ئەرکو کارەکانی تەشکیلاتی دەرەوە، وە تشخیصدانی بایەخی گەورەی ئەم مەیدانەو لیدان لەو بۆچونانەی کە بە هەر بیانویەکەوە بیت بایەخی گەورەی هەلسوران لە دەرەوەی وولات نابینێت یان ئینکاری دەکات.

دووەمیش ئامادەیی خۆمان بۆ راپەراندنی ئەو کارو مەهامە دروستانەی بۆ خۆمانی دادەنێینو گرتنە پیشی شیوەکاری دروستو گونجاو بۆ ئەم مەبەستە. ئەمەیان بە راستی خالیکی بنەرەتیە، ئەوانەی باسکران کردەنیەو دەکریت. دەکریت تەشکیلاتو حیزبیکی گەورەی کۆمەلایەتیو سیاسی لە دەرەوە دامەزرینین کە لە ئاستی وەلامدانەوە بە وەزعو پیویستیەکانی ئیستای عیراق بیت، دەتوانین دەرەوەی وولات وەکو یەکیك لە مەیدانە ئەصلیو سەرەکیەکانی خەباتی حیزب بۆ رزگاری کۆمەلگای عیراقو بە دەسەلات گەیشتنی حیزب بە دەستەوە بگرین، دەتوانین ئەم مەیدانە بکەینە یەکیك لە سەنگەرە قایمەکانی جەنگ لە دژی جەنگی تیرۆریستەکانو لە دژی سیناریۆی رەش، بیکەینە سەنگەریکی بەرگری لە خواستو مافەکانی خەلك...

بەلام ئەمانە پیش هەر شتیك بە ئیرادەو عەزمی خۆمانو بەو شیوەکارو رەوشتانەوە بەندە کە دەیگرینەپیش. بەوەوە بەندە کە هەر یەك لە ئیمە چی بۆ خۆی داناوە وە دەیەوێ چ کاریك لە ئەستۆ بگریتو چ نەخشیك بگیریو چ مایەیەك بۆ ئەم کارە دادەنیت. هەروەها بەوەوە

بەندە کە بە چ شیوەیەك ئامادەییو تواناکانی خۆمان بەکار دەبەین. ئەگەر لەسەر ئەمانە بڕیینەوە هەر ئەوەندەی لیرە لەم قاعەیە دانیشتوین ماتریالیکی پیکهینانی ئەو حیزبەین.

بۆیە هەر وەکو پیشتر لە نوسراویکدا لە بارەی چاوەڕوانیم لەم کۆنفرانسە وتومە چاوەڕوانم کاتیك لەم قاعەیە دەچینە دەرەوە، هەموو ئەو هاوڕییانەی ئامادەی ئەم کۆنفراسەنو هەموو ئەوانەی بە هەر هۆیەکەوە بیت نەیانتوانیوە بەشداربن‌و لە دوورەوە چاوی ئومیدیان تیبریوە، خۆیان بۆ لە ئەستۆ گرتنی لایەك‌و سوچیکی مهمی ئەم ئەرك‌و مەهامانە ئامادە کردبیت‌و بە شیوەو رەوشتی تازەوە پیشوازی لە دەورەی داهاتوی ئەرکەکانمان بکەین. ئەگەر ئەمە زەمانەت بکەین، مەرجی سەرەکی پیشرەوی لە ریگای ئەو کارانەمان زەمانەت کردووە. هەموو خۆتان بۆ ئەم کارە ئامادە بکەن‌و هەموو بۆ دامەزراندنی حیزبیکی سیاسی کۆمەلایەتی گەورە لە دەرەوەی وولات وەرنە پیشەوە.

سەرکەوتوبیت کۆنفرانسی یەکەمی ریکخراوی دەرەوە

بژی سۆسیالیزم